هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 54

سالّی/ 2009 – بەرگی پەنجاوچوار

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2009

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/8/20 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/8 ل 39

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/9 ل97

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/15 ل 155

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/16 ل213

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/10/6 ل221

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/10/19 ل 245

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/21 ل 273

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2009/10/26 ل 339

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/28 ل 441

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2009/11/15 ل 487

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/11/17 ل 569

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/12/2 ل 585

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/15 ل 591

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/29 ل 641

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەلاڵە کردووە بەناوی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

لەگەڵ رێزماندا

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پرۆژەیە:

1- شێروان حەیدەری.

2- عەونی بەزاز.

3- رۆژان دزەیی.

4- سۆزان شهاب.

5- عمر نورەدینی.

6- بکر کریم محمد.

7- عماد محمد حسین.

8- ئاراس حسین محمد.

9- شلێر محمد نجیب.

10- عمر صدیق هەورامی.

ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە:

**پرۆژەی هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1994ی هەموارکراو.**

**یاسای ژمارە (   )ی ساڵی 2009**

ماددەی یەکەم:

ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموارکراو بە یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2006 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێتەوە:

1 - وەزارەتی داد.

2 - وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

3 - وەزارەتی ناوخۆ.

4 - وەزارەتی دارایی وئابووری.

5 - وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

6 - وەزارەتی تەندروستی.

7- وەزارەتی پەروەردە.

8- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون.

9- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

10- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

11- وەزارەتی پلاندانان.

12- وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.

13- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

14- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

15- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

16- وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی.

17- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.

18- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

19- وەزارەتی کارەبا.

**ماددەی دووەم:**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.**

**ماددەی سێیەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.**

**ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:**

## مشروع قانون التعديل الثامن لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان ـ العراق رقم (3) لسنة 1992 المعدل
## قانون رقم (   ) لسنة 2009

**المادة الاولى:**

**تلغى المادة التاسعة المعدلة من قانون التعديل السابع لقانون مجلس وزراء إقليم كوردستان ـ العراق رقم (3) لسنة 1992 و المعدل بالقانون رقم(1) لسنة 2006 ويحل محلها مايلي:**

**يضم مجلس الوزراء الوزارات التالية:**

1- وزارة العدل

2- وزراة شؤون البيێشمەرگە

3- وزارة الداخلية

4- وزارة المالية والاقتصاد

5- وزارة الثروات الطبيعية

6- وزارة الصحة

7- وزارة التربية

8- وزارة الاعمار والاسكان

9- وزارة البلديات والسياحة

10- وزارة التعليم العالى والبحث العلمي

11- وزارة التخطيط

12- وزارة العمل والشؤون الاجتماعية

13- وزارة الثقافة والشباب

14- وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين

15- وزارة الزراعة والموارد المائية

16- وزارة الصناعة والتجارة

17- وزارة النقل والاتصالات

18- وزارة الاوقاف والشؤون الدينية

19- وزارة الكهرباء

المادة الثانية: لايعمل باى نص قانونى او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و یەكە یەكەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەكەین، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكەن، تكایە خاڵی سێیەمی لە كۆبوونەوەی یەكەم، فەرموون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژەی یاسا**

سڵاو و ڕێزمان.

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان هاوپێچمان گەڵاڵە كردووە بەناوی پرۆژەی هەموار كردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو، تكایە بخرێتە بەرنامەی كاری كۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان.

لەگەڵ ڕێزماندا

ناوی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پرۆژەكەیان پێشكەش كردووە:

1- كاردۆ محمد پيردواد.
2- عمر نورەدينى.
3- عمر عبدالرحمن على.
4- احمد ابراهيم على.
5- گۆران ئازاد.
6- شێروان حەيدەرى.
7- رۆژان دزەيى.
8- عەونى بەزاز.
9- تارا عبدالرزاق.
10- بێريڤان اسماعيل سەرهەنگ.
11- نيشتمان مرشد.
12- شلێر محى الدين.
13- پەروين عبدالرحمن.

ئێستا دەقى پرۆژەكە بە زمانى كوردى دەخوێنمەوە:

**پرۆژە ياساى هەمواكردنى شەشەمى ياساى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان ـ عيراق**

**ژمارە (1)ى هەمواركراوى ساڵى 1992**

**پرۆژە ياساى ژمارە( )ى ساڵى 2009**

ماددەى (1):

ماددەى پێنجەم كە بە پێى هەمواركردنى پێنجەمى ياساى پەرلەمانى كوردستان ژمارە (5)ى ساڵى 2009 زيادكراوە، برگەيەكى بەزنجيرەى ( پێنجەم) وەك ئەمەى خوارەوە بۆ زياد دەكرێت:

پێنجەم/ ئەگەر ئەندامى هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لەماوەى دياريكراو دا ئامادە نەبوو كە سوێند بخوات، ئەوا دواى (45) رۆژ لەبەروارى ناوبراو، مافى ئەندامێتى دەسووتێت، ئەگەريش لەو ماوەيەدا سوێند نەخوات، ئەوا بەپێى حوكمەكانى ياسا، ئەندامێكى تر جێگاى دەگرێتەوە.

ماددەى(2):

حوكمەكانى ئەم ياسايە، ئەوانە دەگرێتەوە كە لەخولى سێيەمى هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامێتى پەرلەمان پاڵێوراون.

ماددەى(3):

پێويستە لەسەر ئەنجومەنى وەزيران و لايەنەپەيوەنديدارەكانيش، حوكمەكانى ئەم ياسايە جێبەجێ بكەن.

ماددەى(4):

کاکە مەگەڕێوە سەر ئەو نوقتەیە، ڕجائەن، ڕجائەن، لە ئیعلام، لە دەرەوە چی ئەڵێن، نەقدی من ئەکەن، باسی چۆن ئەکەن، لە ناو پەرلەمان موناقەشەیەکی تێر و تەسەل کرا، ئارائێك هەبوو، پێشنیاری کرد بە پێی پەیڕەو ئەیدەینە دەنگدانەوە، دەنگی نەهێنا لە مەرحەلەیەکی تر دەنگ دێنێ ئینشائەڵا، ئێستا خاڵێکی تر ماوە، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پێشنیار کرا زیندانە سیاسیەکانی بۆ زیاد بکرێ، داواکرا کە وشەی زیندانە سیاسیەکان بۆ خاڵی (14) ئیزافە بکرێ، کەرەمکە کاك حمە سعید.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەنگدانە (35) بوو لەگەڵ ئەوەی کە وەزارەت هەبێ، (50) لەگەڵ ئەوەبوو کە نەبێ، ئایا نیوەی ئەندامان بۆ حزوور چەندە؟ چونکە ئەگەر نیوەی...........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەکسەریەتە کاکە، ئەکسەریەتی ئەوانەی کە لێرەن بۆ نیصابی دانیشتن ئەبێ لە نیوەی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر بێ، بۆ دەنگدان ئەگەر یەك دەنگێك (36) بوایە، ئەوی (36)ەکە ئەیخوارد، ناچیتە سەر ئەوە، زۆر سوپاس، سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەت، ئێستا لەگەڵ ئەوەین کە خاڵی (14)، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پێشنیارێك هات زیندانە سیاسیەکانی بۆ ئیزافە بکرێ و، چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانیش تەسمیەیان لەسەری کرد، کێ لەگەڵە زیندانە سیاسیەکانی بۆ ئیزافە بکرێت تکایە دەستی بەرز بکات؟ (39) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو ئەسڵی پرۆژەکە بمێنێتەوە، دەستی بەرز بکات؟ (56) لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە وەك خۆی مایەوە، بەڕێزان ئێستا ماددەی یەکەم بە گشتی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ (69) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد (دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

المادة الثانية:

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض و أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مەلاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ ئەیەوێ قسەی لەسەر بکات؟ کاك عبدالسلام کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تەنها ئەمەوێ دووبارەی قسەکەی خۆم بکەم، ئەم هەر سێ ماددانە هیچ نە موناقەشەی پێ ئەوێ، نە ڕەئی هەیە، تیکرار ئەبێت لەهەر پرۆژەیەك......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە سوپاس، بۆ جەنابت، ئەم ماددەیە نووسراوە، بۆ ئەوەی بەیانی، یەکێ هەڵنەستێ بڵێ: هەروەها ماددەیەکی قانونیان دەرباز کرد، ڕەئی خۆتان بدەن و تەواو ئەبێت، پەیمان خان کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عبدالكريم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە کاك دکتۆر، لەسەر نوقتەی یەکەم بوو باسەکەم، لەسەر ئەمە نەبوو، ئەگەر گوێم لێ ڕادەگری..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی ڕابردوو نابێت ببوورە.،ئێستا کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ سوپاس فەرموو، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، سوپاس بۆ ماددەی سێیەم، لیژنەی یاسایی کەرەمکە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد (دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس هەیە قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ نیە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد (دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.**

**المادة الرابعة:**

**ينفذ هذا القانون إعتبارا من تاريخ إصداره و ينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مەلاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەس هەیە لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ نیە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ئەسباب موجەبە بخوێننەوە تکایە.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر أحمد (دزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە. بە هۆی ڕێکخستن و کەم کردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی  کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا گشت پڕۆژەکە لە لەگەڵ ئەسباب موجەبە ئەدەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵی سێ، خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عیراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن بۆ خوێندنەوەی.**

**بەڕێز زانا ڕؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2009/10/26 بەرامبەر (4)ی گەلاڕێزانی 2709 ی کوردی بە ئامادەبوونی کۆی ئەندامانی لیژنە سەبارەت بە تاوتوێ کردنی پڕۆژەی یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عیراق ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشنیارکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەکە لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (8)ی ڕۆژی دووشەممە بەرواری 2009/10/26، لیژنەکەمان دوای گفتوگۆکردن بەکۆی دەنگ ڕای وایە داڕشتنەوەی ماددەکان بەم شێوەیە بێت.**

یەکەم: سەبارەت بە ماددەی یەکەم لە حاڵەتێکدا کە پاڵێوراوی هەڵبژێردراو سوێندی یاسایی نەخوارد لە وادەی یاسایی دیاری کراودا، مافی ئەندامێتی نامێنێ لە پاش تێپەربوونی (90) رۆژ لە وادەی دیاری کراو و، پاڵێوراوێکی تر جێگەی دەگرێتەوە بە پێی یاسا، بە عەرەبییەکەی: (في حالة عدم أداء المرشح المنتخب للبرلمان اليمين في موعده المحدد يسقط حقه في العضوية بعد مضي تسعين يوما على التاريخ المذكور و يحل محله مرشح آخر وفق أحكام القانون)

دووەم: سەبارەت بە ماددەی (3)ی لیژنە ڕای وایە دارشتنەوەکە بەم شێوەیە بێت: (پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن)، بەعەرەبی (على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون).

لەگەڵ ڕێزدا سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام صیاغەیەکی تازەمان بۆ کردووە، صیاغەکەش بەم شێوەیە: ( في حالة عدم أداء المرشح المنتخب للبرلمان اليمين في موعده المحدد يسقط حقه في العضوية بعد مضي تسعين يوما على التاريخ المذكور و يحل محله مرشح آخر وفق أحكام هذا القانون)، بەڕاستی ئەمەش بیرمان لە (45) ڕۆژەکە کردەوە، ئێمە (2009/8/20) دەست بەکار بووینە، (9/20) و (10/20) دەکاتە (2) مانگ، یەعنی ئەو قانونە ئەگەر بەو شکلەی 45 ڕۆژەکە دەربکرێ، ڕەنگە ئیعتیرازمان لێ بگیرێ، چونکە فەواتی موددەی تێدایە بە نیسبەت حەقەکی موکتەسەب کە عزووەکە وەریگرتووە، کەواتە ئەوە حەقەکی موکتەسەبە ئەبێ ئێمە مەتاتیەکی بدەینێ بۆ ئەوەی قانونەکە سەرەیانی لەسەر بکات، نەوەك سبەی ئیعتیرازێکمان لێرە و لەوێ لێبگرن، چۆن ئەو یاسایەتان دەرکرد؟ ئەسلەن ئێمە ئاگادار نەبووینە، ئەسلەن (45) ڕۆژەکە تێپەڕیوە، ئەسلەن ئێمە نەمانزانیوە ئەو یاسایە دەرچووە، بۆیە ئێمە کردمانە (90) ڕۆژ، بۆ ئەوەی سەقفی زەمەنی بیانگرێتەوە، چ بڵێین ئەسەر رەجعی هەیەو، چ بڵێین خروقاتی حەقێکی موکتەسەب کرایە، بۆیە کردمان بە (90) ڕۆژ و، ئەمەش کۆی دەنگی ئەندامانی لیژنەی یاسایی بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز زانا ڕؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەکانی تریش دەستکارییەکی تێدا کرابوو، بەڕێزان یەکێك لەوانە کە نوسرابوو: (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات)، ئەم بڕگەیە زیاتر پەیوەندی هەیە بە پاڵێوڕاوانەوە، پەیوەندی نیە بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەیان دەستکاری کراوە، لە هەمان کاتدا نووسرابوو بە نیسبەت ئەندام، ئێمە کاتێك بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان نووسراوە: ئەندام لە ڕۆژی سوێندخواردنی یاساییەوە دەبێت بە ئەندام، بۆیە تا ئەو کاتەی سوێندی یاسایی دەخوات پێی ئەوترێ پاڵێوڕاوی هەڵبژێردراو، پاڵێوڕاوە هەڵبژێردراوە، بۆیە دەستکاری لەو دوو دەستەواژەیەشدا کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو بەڕێزانە ئەیانەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، کاك د. بشیر کەرەمکە.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێستا خوێندرایەوە لەو پـرۆژە یاسایە، بەڕاسـتی دیـارە جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـە بۆکسـەکەی ئێمـە دا هەبوو لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستماندایە، بۆیە پێویستە ئێمە وەکو دیسان دووبارە کرایەوە، بـەڕێزێکی تـریش باسـی کـرد، هـەر پـرۆژە یاسـایەك یـان بەرنامـەی کـار پێویسـتە پێشـی (48) سـەعات لـە بۆکسـەکەی ئێمـە دا بـێ، ئێمـە ئاگـاداربین بیخوێنینـەوە و، بۆ خۆمان مـەعلومات و زانیـاری لەسـەر کۆبکەینـەوە، خـۆی ئـەوەی ئـەمڕۆ لەسـەر ئێمـە باسـی ئـەوە نـوێ و تازەیە، ئومێدەوارین بۆ جاری داهاتوو ئەم شتانە ڕوو نەداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك عمر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو تەرحە نیم کەوا ماوەکەی بکـرێ بـە (90) ڕۆژ، بـە ڕەئـی مـن ئـەو ماوەیـە زۆرە، هـەر کەسـێك پـاڵێوراو بـوو، هەڵبژێردرا، تەصەور دەکەم بایی ئەوەندەی هەیە کە لە ماوەی مانگێك کەمتریش بتوانێ خۆی یەکلا بکاتەوە، بۆ ئـەوەی کـە بڕیار بدا بێتە ناو پەرلەمان، کاری پەرلەمانتاری بکات یان نا؟ بۆیە من پێشنیار دەکـەم ئـەو ماوەیـە، (45) ڕۆژ حـەددی زۆر زۆرێتی، ئەگەر نا یەك مانگ زۆریشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە 45 ەکەمان لایە وەکو مامۆستا ئیشارەتی پێدا، مـن 45 کەشـم پـێ زۆر بـوو، چـونکە بەڕاسـتی نەوەد ڕۆژ زۆر زۆرە، یەعنی تەقریبەن خولێکە، ئینجا تـۆ نەفـەرێکت بسـووتێ کـە دەنگـی زیـاتر لـە 15 و 17 هەزار کەس دەهێنێ، ناکرێت ئـەو کورسـیە خـالی بێـت کاتێـك کـە نوێنـەری خەڵکێکـە، نـەوەد ڕۆژ زۆر زۆرە، سێ مانگ! لەبەرئەوە من پێم وایە ئەو عەددە دەبێت کەم بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر 45 ڕۆژەکەم لایە و پێشم وایە، لەبەینی ئەوەی 45 ڕۆژ لەبەرئەوەی ماوەکە تێ پەڕیوە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە سوێندیان نەخواردووە ئەوانی تریش نەهاتوون، ئەگەر ماوەکە بەسەر چوو بێـت مـەرج نیـە ئەلتەرناتیڤەکە نەوەد ڕۆژ بێت، لەبەرئەوە بۆ ئەم حاڵەتە پێشـنیاری 50 ڕۆژ دەکـەم، ئـەو بەڕێزانـەی کـە سوێندیان نـەخواردووە دەکرێت بەیانی بفەرموون و دوو بەیانی بفـەرموون، پـێش ئـەوەی 50 ڕۆژەکـە تـێ

بپەرێت سوێندی یاسایی خۆیان بخۆن بۆ ئەم حاڵەتەی ئێستا، ئەمما بۆ داهاتوو کەم تر بکرێتەوە بۆ ئەمەیان شتێکی ترە، خاڵی دووەم: من بەڕاستی وەکو کەسێك کە هەموو ژیانم لەگەڵ زمانی کوردی و مەسەلەی ڕۆشنبیری بەسەر بردووە، من هەست بە ئیبادە دەکەم لەو تەرجەمەیە و لەو کوردیەی کە لێرە ئێمە بەکاری دەهێنین، بۆیە تکا دەکەم تا ئەو کاتەی خەبیری زمان کە دەیدرێتێ بیدەن بە کەسانی وەرگێڕی لێ هاتوو و کوردی زان، بۆ ئەوەی ئێمە هەست بە ئیستفزاز و هین نەکەین لە شێواندنی زمانەکەمان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوە بەدڵنیاییەوە چاك دەکرێت و هیچ تەرەدودی لێ مەکەن، کاك حاکم رزگار کەرەمکە.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە دوو، سێ شت لێرە موراعات بکرێت باشە، یەکێکیان عوزری مەشروع، ئەوەی کە ئامادە نابێت بۆ سوێند خواردن، بۆچی بە موتڵەقی هاتووە، لەوانەیە عوزرێکی مەشروع هەیە لە ئامادە نەبوونەکەی، ئەو عوزرە موشروعەش کێ تەقییمی دەکات؟ بەرەئی من بە ئەغلەبیەی پەرلەمان بکرێت، کاتێك دێت و دەڵێت من عوزرێکی مەشروعم هەیە و حزوری ئەغلەبیەی پەرلەمان تەقیمی بکات کە ئەوە عوزری مەشروعی هەبووە لەو نەهاتنە یان نا؟ دووەم: ئەو مودەی 45 ڕۆژەکە زۆرە، نەوەدەکەش هەر لەو زۆر زۆر ترە، دەکرێت تەبلیغی تیا ببێت، یەعنی تەبلیغیش بکرێ و لە دوای تەبلیغەوە، بەڵام ئەو مودەیەی کە ئێستا ڕۆیوە ئێمە دەتوانین حیسابی نەکەین لەسەر ئەوانەی عیلاقەی بەم دەورە پەرلەمانیەوە هەیە، ئەوە ناگەڕێتەوە (لایسری علی الماضی)، بە نیسبەت ئەوانەوە ئەو مودەیە دەوەستێت، جا دەکرێت لە سیاغەکەیدا و ئەگەر بە سیاغەکەش نەبێت هەر ئاساییە کە تۆ نەی گەڕێنیتەوە ئەو مودەیەی کە لەوەیەوە دەست پێ دەکات کە ئەو نەسە جێ بەجێ دەکرێت، ئەو مودەیە لەوێوەحیساب دەکرێت لەسەر ئەو کەسانەی کەوا غائیبن، واتە دەبێت تەبلیغیشی تێدا بێت، چونکە تۆ دەبێت تەبلیغی بکەی، ئەو لەبەردەمی کێ سوێند دەخوات؟ دەبێت پەرلەمان کۆببێتەوە کە ئەو دێت سوێند دەخوات، بەڵکو لە فەترەی عوتڵەی پەرلەمان دایە ئەو کە نایەت سوێند ناخوات، تەبلیغ بکرێت بۆ ئەوەی علمی هەبێت ئەو دوو، سێ نوقتەیە لەبەر چاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی قسەکانی من د.رفیق کردی و بەشەکەی تری دیارە هەر کەسێك سوێند نەخوات نابێت بە ئەندام، بۆیە مافی ئەندامیەتی دەسووتێت و باشترە بڵێین مافی بوونی بە ئەندام دەسوتێت، چونکە نەبووەتە ئەندام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا سێ نوقتەی قانونی صرفم هەیە، یەکەم: ئەو عوزرە مەشروعەی کاك رزگار باسی دەکات ڕاست دەکات و عوزری مەشروع تەقادوم دەوەستێنێت و ئیسقات بە مودەی تەقادوم دەکات، ئەوە قسەی قانونی سرفە، دووەم: کە عزوی مونتەخەبەکە کراوە مورەشەح، ئەگەر ئێمە سەیری قانونی 92 رەقەم 1 بکەین لە قانونی ئینتخابات دەڵێت (اکتسابی حقوق و ئیمتیازات لەڕۆژی ئیعلانی نەتائیجی ئینتیخاباتەوەیە)، ئیعلانی نەتائیج هەمووتان دەزانن لە بیدایەتی مانگی 8 بووە، لەبەرئەوە من پێم باشە هەر عزوی مونتەخەب بێت مورەشەح، سێیەم: مەوزوعی 45 ڕۆژەکە کە هەندێك کەس دەڵێن زۆرە بکرێتە 90 ، دوو مەبدەئی قانونی هەیە یەکێکیان (مبدأ عدم رجعیه القوانین)، یەعنی من ناتوانم قانونێك دابنێم حوکمی ڕابردوو بکات، ماددەی 19 لە دەستووری دائیمی عیراقی 8 ە یان 9یە، وابزانم 9یە ئەمەی تیا تەسبیت کراوە دەڵێت کە (لیس للقوانن اثر رجعی)، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ماددەی 13ی دەستووری دائیمی عیراقی، دەڵێت ئەم دەستوورە (واجب التطبیق فی کافة انحاء العراق بما فیها الاقالیم والمحافظات) لەبەرئەوە ناکرێت 45 ڕۆژ بێت، بۆ ئەوەی ئەسەری رەجعی نەبێت، دووەم: نەزەری ئیکتسابی حقوقە کە لە قەوانینی هەموو دونیادا موعتەرەفە، کە یەکێ ئیکتسابی حەقێکی کردبێت ناکرێت 67 ڕۆژ تێ پەڕیوە و 45 ڕۆژ مودەی دەبێت، لەبەرئەوە نابێ 45 ڕۆژ بێت، دەبێت هەر لە 67 ڕۆژ بەرەو ژوور تر بێت، بم بوورن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە قسەكانی من كرا، یەكێك لەوانە كاك حاكم رزگار فەرمووی، بەڵام ئیزافەیەكم هەیە بۆ ئەوە، لەگەڵ ئەوەی كە بیانوویەكی ڕەوای نەبێت و لە خواستی خۆی بەدەر بێت، ئیحتمالی هەیە هەندێك لە ئەندامانی خەڵكانی تر بتوانن لە شوێنێك بیهێڵنەوەو نەتوانن بێن سوێند بخۆن، مافی ئەندامیەتی دەسوتێت، بكرێتە مافی ئەندامیەتی نامێنێت، سوتاندن وشەیەكی تۆزێ بە نەوعێكە (یان ئەگەریش لەو ماوەیەدا سوێندی نەخوارد) ئەو (یش)لەو شوێنەدا زیادەیە، ئەگەر لەو ماوەیەدا سوێندی نەخوارد ئەوا بە پێی حوكمەكانی یاسا ئەندامێكی تر جێگای دەگرێتەوە بە پێی زنجیرە، كێشەی 90 ڕۆژەكە بەڕاستی من پێم باشە هەر 30 ڕۆژ بێ، لەبەرئەوە ئەگەر بۆ ئێستای پەرلەمانە لە كۆتایی ماددەكە دەڵێین ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچواندنی جێ بەجێ دەكرێت كەواتە پێشتر ئەم یاسایە نەبووە، بۆیە ئێمە عوزری قانونیمان هەیە كە ئەوە ئیشێكی قانونیە كە 90 ڕۆژەكەش تێ پەڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕەئیەم كە ماوەكەی هەر بە 45 ڕۆژ بمێنێتەوە، زیاد نەكرێت، لەبەرئەوەی خۆی لەخۆیدا كە لە ماددەی 4 هاتووە ئەم یاسایە لەڕۆژی (ینفذ هذا القانون اعتبار من تاریخ اصدارە)، كەواتە ئەم یاسایە ئەسەری ڕەجعی نیە، جا بۆ ئێمە بۆچی بیكەین بە 90 ڕۆژ هەر 45 ڕۆژەكە بێت، كە لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەكات كەواتە پێویست ناكات جارێكی تر بیگەڕێنینەوەو بیكەین بە 90 ڕۆژ و لەو ڕۆژەوە دەكاتە 3 مانگی تر ئێمە ئیزافەی دەكەینە سەر ئەو ماوەیە، هەروەها من لەگەڵ ئەوەدام كە ماددەی دووەم نەمێنێت لەبەرئەوەی كە ئەم یاسایە جێ بەجێ دەكرێت و حەسەب ماددەی چوارەم وای لێ ئەكات كە خۆی شەملی ئەو خولە دەكات، كەواتە بۆخولەكانی پێشوو تر نیە، بەڵام ئەگەر تەحدیدی نەكەین بۆ ئەم خولە دەتوانین بۆ خولەكانی تریش ئیستیفادەی لێ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەریەكێك لە ئێمە نوێنەری چەندین هەزار كەسین، دەكرێ ئێمە ئەگەر عوزرێكی مەشروعمان هەبێت نەیەین سوێند نەخۆین، بەڵام كە عوزری مەشروعمان نەبوو ناكرێت ئێمە دەورەیەكی پەرلەمانی كامیل وەكو ئەندامێكی پەرلەمان سوێند نەخۆین، ئەی نوێنەرایەتی ئەو خەڵكەی كە چەندین هەزار كەسن و دەنگی داوە بە تۆ كێ مومارەسەی ئەو حەقە دەكات؟ لەبەرئەوە من پێم وایە دەبێت لێرە قەرارێكی جدی بدەین بۆ ئەوەی ئیحترامان بۆ هەموو ئەو خوشك و برایانە هەیە كە نایەن،

ئەگەر نیـەتیان هـاتن بایـە دەهـاتن تـا ئێـستا، بـەڵام دیـارە نایـەن بـۆ ئاییندەش هەروایـە تەبعەن، ئەنـدام پەرلەمانێك كە هەڵبژێردرێت كە خەڵك دەنگی بـداتێ مانگێـك و دوو مـانگ و سـێ مـانگ نەیـەت، سـوێند نەخوات و دەوام نەكات دیارە نیەتی هەیە نەیەت، ئەوەش هیچ شـتێكی ئـەوتۆی تێـدا نیـە، بەڕاسـتی ئـەوە حەقە هەر لە هەمان لیستی خۆی یەكێك بێت شوێنەكەی پڕبكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیاری موختەلف هات، ئەو ئارایە هەبوو كەم بكرێتەوە و بكرێتە 45 ڕۆژ، هەنـدێك بـە 30 ڕۆژ و هەندێك بە 25 ڕۆژ، یەعنی پێشنیار هەبوو لەوەی كەم بكرێتەوە، هەندێك لـە بـەڕێزان لەگـەڵ ئەوە بوون كە ئەو 90 ڕۆژە بمێنێت، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، تایبـەت بـەو پێشـنیازانەی كـە لەلایـەن لیژنـەی یاسـاییەوە كـراوە، ئـەو تێبینیانەی كە بەڕێزتان گوتتان، ئەگـەر ئـەو شـتانە لەبەرچاو بگـرین هیـوادارم ڕاتـان بگـۆڕن لەسـەر ئـەو حاڵەتە، یەكەم: ئەوەی كە پەیوەندی هەیە بە ئەسەری رەجعیەوە، ئەوەی كە بە جدی قسەی لەسەر بكەین لەم قانونە كە ئەسەری رەجعی تەبیعی دەبێت ئەسـەری رەجعـی نـەبێت، ئێمـە دەزانـین لـە 2009/8/20 ئەندامانی پەرلەمان سوێندی یاساییان خواردووە، لەماددەی دووەم دەڵێت ئەحكامی ئەم قانونە بەسـەر كـێ تـەتبیق دەكرێـت؟ بەسـەر ئەنـدامانی پەرلـەمان لـە خـولی سـێیەمەوە، ئەگـەر ئـەو 45 ڕۆژە بـەوە حیساب بكـەین، یـەعنی مـودە قانونیەكـەمان تـەواو كـردووە، ئێـستا 65 ڕۆژ تـێ پـەڕیوە، ئەگـەر لـەو ڕوانگەیـەوە سەیری بكەین و بەو مانایەش سەیری بكەین، بۆیـە تەحدیـد كردنـی مودەكە، ئێمـە لەلایەكـەوە دەتـوانین مەوعیدی قانونی خۆشی جێ بەجێ بكەین، یەعنی ئەسـەرە رەجعیەكە بـۆ ئـەوە نیـە تـۆ بگەڕێیتـەوە بـۆ ڕابردوو، ئێستاش مەجالی جێ بـەجێ كردنەكـەی مـاوە، دووەم: لـەناو پـەیڕەوی نـاوخۆ دا هـاتووە و دەڵێـت هەر كەسێك ببێت بە ئەندام پەرلەمان دانانرێت لەڕۆژی خواردنی سوێندی یاساییەوە بۆی، یەعنی یـەومی ئەدائی سوێند، ئەو پێشنیازەشی كە هەیە تایبەتە بەوەی كە (بدون عذر مشـروع) ئـەوە لـە جێـی خۆیـەتی باس لەوە بكەین وەكو عوزرێكی مەشـروع، بـەڵام دەبێـت هەنـدێ حاڵـەت هەیـە بـە نـەزەری ئیعتبـار وەری بگـرین، مـەرج نیـە ئـەو ئەنـدام پەرلەمانـە، بـۆ نموونـە لەگـەڵ سـوێند خـواردنی هـەموو ئەندامەكانـدا ئەندامەكە لەوێ ئامادە نابێت، دوای ئەوە ڕەنگە ئەندامەكەی دوای ئـەویش ڕەنگـە لـە قائیمەكـەی ئـەویش جێگای دەگرێتەوە ڕەنگە ئەویش نەیەت، بۆیە لێرە نووسراوە (فی موعـدە المحـدد)عادەتـەن مودەیـەكی بـۆ تەحدید دەكرێت، یەعنی هەموو جارێك سەیری ئەوە نەكەین كە ئەندام پەرلەمانێك لەگەڵ هەموو ئەندام پەرلەمانێك سوێندی یاسایی دەخوات دوای مودەیەكی تر ئەندامێكی تریش دێتە پێشەوە، لەوانەیە ئەویش نەیەت، بۆیە دەبێت سەقفێكی زەمەنی بـۆ ئـەویش هـەبێت، بۆیـە ئەگـەر ئیستسنای ئـەوەی كـە عـوزرێكی مەشروع بۆی ئیزافە بكرێت تەسەور دەكەم دەبێت مودەیەكی زەمەنی هـەبێت، بـەڵام مـادام وایـە ئێمـە لـە

خولی سێیەمەوە دەست دەکەین بەو ئیشە، یەعنی دەبووایە بۆ ئەوەی مەشمولیش بێت بەو حاڵەتەوە دەبێت ئەو ماددەیە وا تەعامول بکات لەوەی کە ئێمە لەسەر قانونێك ئیش نەکەین کە بۆ ڕابردوو بێت و خەڵك پێوەی مەشمول بێت، چونکە ڕەنگە دوایی گلەیی بۆ هەموو پەرلەمان بێت لەو حاڵەتەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەسڵی مەشروع 45 ڕۆژە، پێشنیاری لیژنەی یاسایی 90 ڕۆژە، پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدانەوە، سۆزان خان نوقتەی نیزامیت هەیە کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ هەموو ڕێزێکم بۆ ئەو قسانەی کە کرا، کە دەڵێن ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێ بەجێ دەکرێت، یەعنی تۆ لە ئەمڕۆوە دەری دەچوێنی تا 45 ڕۆژ دەوەستیت، هاتاوەکو جارێکی تر ئەم خەڵکانە ئەو مەجالەیان بۆ دادەنێیتەوە، ئەگەر هاتو، سوێندی یاسایی بخۆن یاخود نەیخۆن، لێرەو لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە دوایی دا کە ئەمە دەچێتە ناو پەیڕەوی ناوخۆییەوە، خۆ بەم نەسەوە ناچێت، هەر تەنها ماددەی یەکەمی دەچێتە ناو پەیڕەوی ناوخۆییەوە، بەس ئێستا ئێمە مەجبورین خەڵکێك هەیە و دەنگی پێدراوە نایەتە ناو پەرلەمانەوە، دەبێت حەلێکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەر نا خۆ ئێمە بە نەسێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ ناکەین، لە نەسێك دا مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەین کە دەچێتە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانەوە، زۆر سوپاس، کەسێکیش 45 ڕۆژ نەتوانێ بێت خۆ مەگەر کارەساتی سروشتی هەبێت هەر دەتوانێ بە 45 ڕۆژ بگاتە ئەو وڵاتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ڕوون کردنەوەم هەیە، ئەو 45 ڕۆژە لە ڕۆژی دەرچوونی یاسایەکەوەیە، بڵاوکردنەوەی نیە، ئەو 90 ڕۆژەی لیژنە پێشنیاری کردووە، یاخود ئەو 45 ڕۆژەی کە لە ئەسڵی پرۆژەکە هاتووە، ئەو ماوەیە لەوە دەست پێ دەکات لەڕۆژی سوێند خواردنەوە ئەوجا ماوەکە حیساب دەکرێت بە 90 ڕۆژ، لەو 90 ڕۆژەی هەر ڕۆژەك ئامادە بوو پێی کرا بێت ئەو دەتوانێ سوێندی یاسایی بخوات و پەرلەمان ڕۆژەکەی بۆ دیاری دەکات، بەڵام ئەگەر ماوەکە بەسەر چوو ئێمەش ناچارین، چونکە کێشەیەکمان هەیە ئێستا ئەوە لە 8/20 ەوە سوێندی یاسایی خوراوە، دەبێ کێشەکە چارەسەر بکەین، بۆیە پێمان باشە ماوەکە 90 ڕۆژ بێت، نەك 45 ڕۆژ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەك ئەوەی کاك حاکم رزگار و ئەوانی تر باسیان کرد بەڕاستی 45 ڕۆژیش زۆرە، بەڵام بۆ ئەوەی کە نازانم لەڕووی قانونیەوە کاك شێروان و ئەوان باشی لێ دەزانن، دیارە 90 ڕۆژەکەیان لەبەرئەوە داناوە کە مودەکە تێ پەڕیوە، ئەوەی من تێی گەیشتووم، دەکرێت 90 ڕۆژ نەبێ و 45 ڕۆژ بێت بۆ ئەوەی بگەینە حاڵەتێك حیسابی ئەو مودە قانونیەش بکەین کە تێ پەڕیوە و کاتەکەش زۆری بەسەردا نەچێت، بڵێین 75 ڕۆژ بۆ نموونە، یەعنی ئەمە ئەگەر حەلێکی وەسەت بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕێزم هەیە بۆ دەنگدان، دائیمەن ئیحترامی رەئی ئەکسەریەت دەگرم، دەنگدان شتێکی پیرۆزە، بەڵام ناکرێت پێشنیارێکی نادەستووری و نا قانونی بخرێتە دەنگدانەوە، خەڵك 45 هەڵدەبژێرێ یان نا؟ لەبەرئەوەی ڕوونم کردەوە کە دەستوور مەنعی کردووە بە مەبدەئی عەدەم رەجعیەت قانون دەرچێت، تەعدیلات بکرێت، 45 ڕۆژ! 8/20 ئێمە سوێندمان خواردووە، 8/20 ـ 9/20 ـ 10/20 ئەوە 26 و ئێمە 65 ڕۆژە سوێندمان خواردووە، تۆ چۆن 45 ڕۆژ تەسبیت دەکەی؟ دەبێت کە قانونەکە دەردەکەی ئەسەری رەجعی نەبێ و مودەتێك بهێڵێتەوە، ئەگەر بیدایەتی 8/25 بوایە بۆ 15 ڕۆژ مودەمان دادەنا، نەمان دەکرد بە 90، بەڵام ئێمە حیسابی ئەوەمان کردووە و 45 ڕۆژەکە تێ پەڕیوە، 66 ڕۆژ تێ پەڕیوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیاری ئەخیر دەخەینە دەنگدانەوە، بیخوێنەوە کاك عونی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فی حالة عدم اداء المرشح المنتخب للبرلمان اليمين فی موعده المحدد، بدون عذر مشروع يسقط حقه فی العضوية بعد مضی تسعين يوما علی التاريخ المذكور ويحل محله مرشح اخر وفق احكام القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزداران گوێتان لێی بوو ئێستا ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تسرى احكام هذا القانون على المرشحين لعضوية البرلمان للدورة الانتخابية الثالثة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەمكەن، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ مولاحەزەیەكمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسە بكەن؟ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخوا ئیجبارت كردم، ئەگینا پرسیارێك لە مێشكی من دا هەبوو، دەڵێ حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەوانە دەگرێتەوە كە لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان پاڵێوراون، من لێرە پرسیار دەكەم تۆ دەڵێی حەقی ئەندامیەتەكەی سقوت دەكات، ئالیەتەكەی ئەوەی كە دێتەوە جێگەی نابێت باس بكرێت لەم ماددەیە، یان لە هەرچی ماددەیەكی تردا، ئایا پەرلەمان خۆی بانگهێشتیان دەكات و ئەوانەی كە لە تەسەلسول دان یاخود ئەوە چۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی باسی كرد ڕاستە، بەڵام ئەوە لە یاسای هەڵبژاردن چارەسەر كراوە، ئەوەی ئێمە لێرە پێشنیار كراوە، تەنها هەمواكردنی بڕگەیەكە لەو ماددەیە و زیادكردنی ئەو بڕگەیە بەناوی بڕگەی (خامسا) ئەوە باسكراوە كە بە چ شێوەیەك كام پاڵێوراو دێتە شوێن ئەو كەسەی كەوا نایە و سوێند ناخوات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە وەكو ئەوەی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا بۆ ماددەیەكی تر كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەمكەن، كاك شێروان فەرموو.